# فەرەنسا لەبەردەم هەڵبژاردندا:

# عەرشی ناپلیۆن یان تاجی ئۆدری هیپۆرن؟



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

نیکۆلاس سارکوزی کە پاڵێوراوی راسترەوە دیگۆلیەکانی فەرەنسایە بۆ پۆستی سەرکۆماری، بە تەمەن ساڵێک لە سیگۆلین رۆیاڵ -ی پاڵێوراوی سۆسیالیستەکان بچووکترە. یەکەمیان تەمەنی ٥٢ ساڵ و دووەمیان تەمەنی ٥٣ ساڵە. بەڵام زۆربەی چاودێرانی هەڵبژاردنی سەرکۆمارێتیەکەی فەرەنسا کە خولی دووەمی لە رۆژی ٦ ی ئایاری داهاتوودا بەرێوە دەچێت، پێیان وایە شانسی سارکوزی بەهێزترو گەورەترە بۆ گەیشتن بە کۆشکی ئەلیزێ. لەم بوارەدا،چاودێرەکان ئیشارەت بە ئەنجامەکانی خولی یەکەم دەکەن کە سارکۆزی تیایدا پتر لە ٣١٪ دەنگەکانی بە دەست هێنا و رۆیاڵ سیگۆلینیش نزیکەی ٢٦٪ دەنگەکانی بەرکەوت. باقیاتی دەنگەکانی دیکە بە بڵاوی بەسەر دە پاڵێوراوی دیکە دابەش بوون کە هیچ کامیان ئەوەندە دەنگەی بە دەست نەهێنا دەرگەی خولی دووەمی لەبەردەم دا بکاتەوە.

بە هەر حاڵ، راسترەوەکانی فەرەنسا، بە تایبەتی دیگۆلیەکانیان، کاتێک باس لە سارکوزی دەکەن **زۆرتر دەیشوبهێنن بە پاڵەوانە مێژووییەکەی فەرەنسا ناپلیۆن پۆناپارت. دەڵێن ئەویش وەک ناپلیۆن کورتە باڵایە. وەک ئەو تەبیعەت توندو دڵرەق و قسە حازرە. وەک ئەویش بە رەچەڵەک غەیرە فەرەنسیە.** ناپلیۆن خەڵکی کۆرسیکا و سارکوزی خەڵکی مەجەرستانە (هەنگاریا). شایەنی باسە، باوکی سارکوزی، کە سەر بە خێزانێکی دەوڵەمەند بووە، لە ساڵانی شەری جیهانیی دووەم هەنگاریای جێهێشتووەو رووی کردۆتە پاریس. لەوێ ژنێکی جووی بە رەچەڵەک یۆنانی هێناوە. ئەوە بوو، نیکۆلاس سارکۆزی ساڵی ١٩٥٥ لە پاریس لە دایک بوو. دواتر، لەگەڵ دایکی مایەوە پاش ئەوەی باوکی جێیانی هێشتوو و چووە شارێکی دیکەی فەرەنسا و لەوێ ژنێکی دیکەی هێناو کورەکەی هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە، لە نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، تێکەڵاوی بزووتنەوەی دیگۆلیەکان بوو لە رێگەی بزووتنەوەی لاوان و قوتابیانەوە. ئەوسا شارل دیگۆل چەند ساڵێک بوو لە ژێر زەبری خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی فەرەنسا دەستی لە سەرۆکایەتی وڵاتەکەی کێشابووەوە. بەڵام لە ناوەراستی حەفتاکان دیگۆلیزمی فەرەنسی سەر لە نوێ دەستی بە بووژانەوە کرد دوای ئەوەی شەپۆلی بزووتنەوەی چەپی قوتابیان و لاوان رووی لە کزی کرد.

زۆربەی چاودێرە سیاسیەکانی فەرەنساو ئەورووپا پێیان وایە سارکوزی نزیکەی ٥٤٪ ی دەنگەکانی خولی دووەم دەهێنێت پاش ئەوەی پاڵێوراوەکانی دیکەی بەرەی راسترەو، وەک جان لو پن، هەر لە خولی یەکەمەوە نەیانتوانی ئەوەندە دەنگە بهێنن کە بیانگەیەنێتە خولی دووەم. لایەنگرانی لو پن وا چاوەڕوان دەکەن لە خولی دووەم دا دەنگ بۆ سارکوزی بدرێت بە تایبەتی کە خالێکی گرنگی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سارکوزی، وەک ئەوەی لو پن، بەند بوو بە مەسەلەی کۆچبەرە بێگانەکانی فەرەنساو پێویستیی چارەسەرکردنی زۆرەملێیانەی کێشەکانیان. رەنگە جێگەی سەرنج بێت فەرەنسیەکی بە رەچەلەک کۆچبەری وەک سارکۆزی، لە مەسەلەی کۆچبەراندا ئەوەندە توندو رەق بێت. جێگەی ئاماژە پێدانە، ئەو سیاسەتمەدارە دیگۆلیە فەرەنساییە، لە چەند ساڵی رابردوودا پۆستی وەزارەتی ناوەخۆی بە دەستەوە بوو. لە سەردەمی پۆستەکەی ئەویشدا، بە تایبەتی ساڵی ٢٠٠٥، کێشەی کۆچبەرە غەیرە فەرەنسیەکان بە توندی لە پاریس و چەند شارێکی دیکەی ئەو وڵاتە تەقیەوەو چەندین پشێوی و خۆپیشاندان و کاری تێکدەرانەی لێ کەوتەوە. یەک لە هۆیەکانی ئەو حالەتە ئەو گوتارە توندەی سارکوزی بوو کە تیایدا کۆچبەرانی بە سەرچاوەی گیروگرفتە ناوخۆییەکانی فەرەنسا ناساند. دواتریش زۆر بە رەقی و بە توندی بەرامبەر خۆپیشاندانەکانی کۆچبەران وەستایەوە. پێشتریش زۆر توندتر بەرامبەر کێشەی لە سەرکردنی سەرپۆشی ئیسلامیی لە فەرەنسادا وەستابووەوە. هەروەها چەندین یاساو رێنمایی ئەوتۆی هێنا بووە پێش کە رێگر بوون لە گەیشتنی بە لێشاوی پەنابەرو کۆچبەرانی وڵاتانی مەغریب و جەزائیر بۆ فەرەنسا. سارکوزی و دیگۆلیەکان بە گشتی پێیان وا بوو ئەو پەنابەرو کۆچبەرانە سەرچاوەیەکی گەورەو ترسناکن نەک هەر بۆ پشێوی، بەڵکو بۆ هەڵکشانی تیرۆریش بۆ ناو فەرەنسا. بۆیە داوای ئەوەیان دەکرد خەڵکە پسپۆرو خوێندەوارو شارەزاکانیان تێکەڵاوی کۆمەڵگای فەرنسایی بکرێن و ئەوانی دیکەش بگەرێندرێتەوە وڵاتەکانی خۆیان. هۆی گێرانەوەشیان بەلای راسترەوەکانەوە ئەوەیە کە نابێت رێگە بدرێت ئەم کۆچبەرو پەنابەرانەی کە زۆربەیان موسوڵمانن داب و نەریتە ئایینی و تایبەتەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگای فەرەنسی دا بسەپێنن.

شایەنی باسە، سارکوزی بەناوبانگە بەوەی کە بانگ هەلدێری هێنانە پێشەوەی نموونەی ئیسلامی ئەوروپی بوو. هەمیشە داوای لە موسولمانانی فەرەنسا کردووە کەسایەتیەکی تایبەتی و گونجاو بۆخۆیان لە ناو فەرەنساو ئەوروپادا دروست بکەن جیاواز لە کەسایەتیی کۆمەڵگا موسولمانەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستتو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی. مەبەست لەم جۆرە ئیسلامە ئەوروپاییە ئەوە بوو کە موسولمانان، یان پەیرەوانی هەر ئایینێکی دیکە، جۆرەداب و نەریت و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەوتۆ دابمەزرێنن کە گونجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵگا

ئەوروپییەکان و داب و نەریتەکانیان، نەک لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی لەوڵاتە ئیسلامیەکاندا. **سارکوزی پێی وایە ناکرێ موسوڵمان بەشەریعەت سەر بە وڵات و سیستەمێکی دیکە بێت، بەڵام بەماف و ژیانی رۆژئاوەو بەرژەوەندی لە وڵاتێکی ئەوروپی غەیرە موسوڵماندا بژیێت.** هەندێک لە چاودێران ئەم جۆرە خۆ تێکەڵ کردنەی سارکوزی، کە بە ئایین کاسۆلیک و بە پیشەو خوێندن پارێزەرە، بە مەسەلە ئایینیەکان بەوە دەشوبهێنن کە ئەویش جۆرە رێچکەیەکی فەرەنسایی پارێزگارە تازەکانی ئەمریکایە. هەر لێرەشەوەیە، بەشێک لە ناوەندە سۆسیالیستەکانی دەوری رۆیاڵ، سارکوزی بە (سەرۆک بوشی بچووک) ناو زەد دەکەن و پێیان وایە ئەگەر ئەنجامەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردن بە بردنەوەی سارکوزی تەواو بێت ئەوا فەرەنسا بەرەو پتەوتر کردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا هەنگاو دەنێت.

سارکوزی خۆی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە رەت دەکاتەوەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو بانگ هەلدێری بەهێز کردنی گیانە ئەوروپاییەکەی فەرەنسایە. لێرەدا، زۆر جار نموونە بەوە دێنێتەوە کە ئەگەر هەواداری بەهێزکردنی پەیوەندی بێت لەگەڵ ئەمریکا ئەوا دەبێت بەرهەڵستی هاتنی تورکیا نەکات بۆ ناو یەکێتیی ئەوروپا. بەڵام وەک مەعلومە **دیگۆلیەکانی ئەوروپا، بە تایبەتی سارکوزی خۆی، دژی وەرگرتنی تورکیایە لە ریزی یەکێتی ئەوروپادا.** پێش ماوەیەک سارکوزی بە ئاشکرا رایگەیاند کە ئەگەربێت و بگاتە کۆشکی ئەلیزێ ئەوا بە تەواوی لە دژی وەرگرتنی تورکیا رادەوەستێت.

بێجگە لەمەسەلەی هەڵوێست لە بەرامبەر کۆچبەرانی بێگانەو ئیسلامی ئەوروپی و پەیوەندیی توندو تۆڵ لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا، سارکوزی پێی وایە فەرەنسا پێویستیی بە ریفۆرمی ئابووری هەیە لە ناوەخۆی دا بە تایبەتی لە بواری بازرگانی و سیستەمی (سۆشیال سیکورتی) و کەمکردنەوەی رادەی بێکاری لە ناو لاواندا. ئەوەی راستی بێت، لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەی فەرەنسا، کێشە ناوخۆییەکان، بە تایبەتی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، دەوری بالایان هەیەو سیاسەتی دەرەوە کەمتر باسی لێوە دەکرێت. لەگەڵ ئەوەش، زۆر لە چاودێران پێیان وایە جۆرج بوش -ی سەرۆکی ئەمریکا زۆر بە پەرۆشەوە چاوەرێی ئەنجامەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنی فەرەنسا دەکات. چاودێرەکان وای لێکدەدەنەوە کە پێدەچێت، لە هەڵبژاردنی داهاتووی بریتانیا جۆرج بوش هاوپەیمانە ستراتیژیەکەی خۆی، تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بریتانی لە دەست بدات. بۆیە هاتنی سارکوزی بۆ سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا رەنگە قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانەی بۆ بکاتەوە بە تایبەتی کە سێ کێشەی گەورە لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا یەخەی واشنتۆنیان گرتووەو بوش لە پێناو رووبەڕوو بوونەوەیاندا پێویستی بە هاوپەیمانێکی وەک تۆنی بلێر یاخود سارکوزی هەیە. ئەو سێ کێشەیەش وەک مەعلوومە عێراق و ئێران و لوبنانە. لێرەدا، رەنگە جێگەی خۆی بێت هێما بۆ ئەوە بکرێت کە یەک لەو کەسایەتیانەی **سارکۆزی** وەک ئایدیال سەیریان دەکات و زۆر سەرسامە پێیانەوە تۆنی بلێرە. **پێی وایە** بلێر هەر سەرۆک وەزیران نیە، بەڵکو داهێنەری رێچکەیەکی تازەی سیاسەتە لە ئەوروپادا. پێی وایە بلێر زۆر سەرکەوتووانە گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە ناو حزبی کرێکارانی بریتانیادا کرد. بۆیە ئەویش، واتە سارکۆزی، دەبێت گۆڕانکاریەکی وا گەورەو بنەڕەتی لە ناو حزبی دیگۆلیەکانی فەرەنسادا ئەنجام بدات. ئەوەندە هەیە، **بلێر حزبی کرێکارانی لە چەپەوە بەرەو راستڕەوی برد، بەڵام ئەو دەبێت حزبی دیگۆلیەکان لە رێبازی راستڕەویەوە بەرەو چەپگەرێتی کۆمەڵایەتی ببات.** شایەنی باسە، سارکوزی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ تا ٢٠٠٢ سەرۆکی شارەوانیی ناوچەکانی دەوروبەری پاریس بووە. لە ٢٠٠٢ دا کراوە بە وەزیری ناوەخۆ. ماوەیەکیش وەزیری دارایی بووە. دۆستێکی نزیکی جاک شیراکە. بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٤ دا نێوانیان جۆرە ساردیەکی تێکەوتبوو. دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٥ نێوانەکە سەر لە نوێ گەرم بووەوە بە تایبەتی دوای هەڵایسانی کێشەی کۆچبەران لە فەرەنسادا.

ئەوی راستی بێت، چاودێران مەزندەی دەرچوونی سارکوزی دەکەن لە خولی دووەمی هەڵبژاردندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، رۆیاڵ بە مونافسێکی بەهێز لە قەلەم دەدەن و وای لێکدەدەنەوە کە رۆیاڵ چەند خاڵێکی بە هێزی لە پشتە: لە لایەک ئافرەتە. ئەم مەسەلەیەش لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا گرنگە چونکە وەک مەعلوومە فەرەنسا وڵاتی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیە. هەروەها ئەگەر رۆیاڵ لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا بباتەوە ئەوا دەبێتە یەکەم ئافرەت لە فەرەنسادا بگاتە پۆستی سەرکۆماری. لە لایەکی دیکە، رەگوریشەی چەپ و سۆشیالیستی لە فەرەنسادا بەهێزو کۆنینەیە. لەوانەش بەولاتر کۆمەڵگای موسوڵمان لە فەرەنسادا کۆمەڵگایەکی فراوانە. ئەم کۆمەڵگایە زۆرتر قسەو پەیمان و عەقلە سیاسیە یەکسانیەکەی رۆیاڵیان پێ باشە. فەرنسیەکان خۆیان ژمارەی موسوڵمانەکان لە کۆمەڵگاکەیاندا بە شەش ملیۆن موسولمان لە قەلەم دەدەن. بەڵام موسولمانەکان ژمارەی خۆیان بە کەمتر لە ١٠ ملیۆن نازانن. شایەنی گوتنە، ئەو کۆمەڵگایانە زۆرتر متمانەیان بە رۆیاڵە، چونکە زۆرتر پێ لەسەر مافەکانیان دادەگرێت و داوای زامن کردنی پێداویستیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان بۆ دەکات. جێگەی سەرنجە، سەرۆکی پێشووتری فەرەنسا فرانسوا میتران هەتا رۆژی مردنی پێش ١٢ ساڵ، یەک لە کۆڵەگە گەورەکانی حزب و بزووتنەوەی سۆسیالیستی بوو لەو وڵاتەدا. جاک شیراک لەو بەرامبەرەدا نوێنەری دیگۆلیەکان بوو.

رۆیاڵ لە وڵاتی سینیگالی ئەفریقیا لە دایک بووە. ئەوسا باوکی ئەو کاندیدە سۆسیالیستە، کۆلۆنێل بووە لە سوپای فەرەنسی لە سینیگال. دواتر، خوێندنی باڵای ئابووری لە پاریس تەواو کردوەو لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا تێکەڵی ژیانی سیاسی بووەو پەیوەندیی بە حزبی سۆسیالیستی فەرەنسیەوە کردووە. راستە، خانەوادەی رۆیاڵ وەک ئەوەی سارکوزی بە رەچەلەک کۆچبەرو پەنابەر نەبوون. بەڵام ئەویش بە هۆی لە دایک بوونی لە سینیگال بۆنێکی ئەفریقیایی پێوەیە. بە پێچەوانەی سارکوزی، رۆیاڵ پێی وایە دەبێت کۆچبەرو پەنابەرانی فەرەنسا ژیانێکی هێمن و ئاسوودەیان بۆ دابین بکرێت و حکومەت لەم بوارەدا یارمەتیان بدات. تا ساڵی ٢٠٠٤ یش پۆستی وەزارەتی ژینگەی لە دەست بووە. لەگەڵ ئەوەش، ئەوانەی رەخنەی لێ دەگرن وای بۆ دەچن کە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا شارەزاییەکی ئەوتۆی نییە. لە بواری شوبهاندنیشدا، زۆرتر دەیشوبهێنن بە ژنە ئەکتەری ئەمریکی ئۆدری هیپۆرن. هەندێکی دیکەش لە مەسەلەی توانستی سیاسیەوە دەیشوبهێنن بە هیلاری کلینتۆن. لەگەڵ ئەوەشدا، تا دێ هەوادارو لایەنگری زۆرتری بۆ پەیدا دەبێت بە تایبەتی لە ناو ئەو حزب و تاقمە چەپانەی کە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا دەنگی پێویستیان وەدەست نەهێناو ناچاری کشانەوە بوون. چاودێری وەهاش هەیە پێی وایە گرنگترین چەکی دەستی رۆیاڵ ئەو گیانی لێبوردەیی و تازەگەرێتیەیە کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا پیشانی فەرەنسیەکانی داوە.

هەر بۆیەش، هەندێک لە پسپۆرانی بارودۆخی ناوەخۆی فەرەنسا پێیان وایە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە گۆڕانکاریەک، یان جێ گۆڕکێیەک لە ناو سیستەمی بەرێوەبردنی سیاسەت لە فەرەنسادا بکرێت و سۆسیالیستەکان دوای پتر لە دوانزە ساڵی دوورکەوتنەوە سەر لە نوێ بێنەوە کۆشکی ئەلیزێ. بەڵام لە هەمان کاتدا، چاودێرو ناوەندی واش هەیە پێی وایە فەرەنسا پێویستیی بە زەبری سارکوزی هەیە بۆ روو بە روو بوونەوەی تەحەدداکانی باری ئابووری و مەترسیە ناوخۆییەکانی فەرەنسا و ئەوروپاو جیهان بە تایبەتی لە بواری تیرۆردا.

دەنگدەرانی فەرەنسا لە نێوان سارکۆزیی راستڕەوو رۆیاڵی چەپڕەودا چۆن بڕیار دەدەن؟ تا ئێستا مەعلوم نیە ئەگەرچی بەشی زۆری چاودێران پێیان وایە شانسی ناپلیۆنی فەرەنسا زۆرترە بۆ گەیشتنە کۆشکی ئەلیزێ. لەگەڵ ئەوەش، دەبێت چاوەرێ بکەین تا خولی دووەمی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.